Research Center

# سیناریۆکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق

05-10-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** هەڵبژاردنی پێشوەختەی 10ی تشرینی یەکەمی 2021 بۆ خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، بەڵام لە ئێستاوە چاوەکان و مشتومڕەکان لەسەر چۆنییەتی یەکلاییکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو چڕ بوونەتەوە کە متمانە لە پەرلەمانەوە وەردەگرێت و بۆ یەکلایی بوونەوەی ئەم مشتومڕە جومگەییەش چەند پێدراو و سیناریۆیەك لەبەردەستدان.

یاسین تەها

هەڵبژاردنی پێشوەختەی 10ی تشرینی یەکەمی 2021 بۆ خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، بەڵام لە ئێستاوە چاوەکان و مشتومڕەکان لەسەر چۆنییەتی یەکلاییکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو چڕ بوونەتەوە کە متمانە لە پەرلەمانەوە وەردەگرێت و بۆ یەکلایی بوونەوەی ئەم مشتومڕە جومگەییەش چەند پێدراو و سیناریۆیەك لەبەردەستدان.

**ڕاڕەوی دەستوری**

لە خولەکانی پێشووتردا ڕاڕەوی دەستورییانەی دیاریکردنی سەرۆکوەزیران روون بوو (گەورەترین لیست)، بەڵام لە پاش هەڵبژاردنی (2018) نەریتی دیاریکردنەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات و لەسایەی ئەم پێشهاتە نوێیەشدا عادل عەبدولمەهدی  و مستەفا کازمی لەیەك خولدا (چوارەم) و بەدوای یەکتردا حکومەتیان پێکهێنا لە کاتێکدا هیچ کامیان نەك زۆرینە بەڵکو هیچ لیست و فراکسیۆنێکیان لەناو پەرلەمان نەبوو.  ئەم هەڵبژاردنە کە پێنجەم خولە سەدر سوورە لەسەر ئەوەی ڕەوتەکەی ئەو سەرۆکوەزیران بەربژێر بکات، بەو پێیەی چاوەڕێی یەکەمییە، هەر لەم کاتەشدا هاوپەیمانێتییەکانی دیکەی وەک فەتحی حەشدی شەعبی و مالیکی و حەکیم _ عەبادی، باسیان لەوەکردووە کە نیازی پڕکردنەوەی پۆستەکانیان هەیە و ڕکابەری لەسەری دەکەن.

**نەریتی باوی سیاسی**

جیا لە ڕاڕەوە دەستورییەکە، بەگوێرەی نەریتی باوی سیاسی پاش 2005، پێکهێنانی حکومەت سەرەتا ئەرك و پرۆسەیەکی پەیوەندیدارە بەهێزە سەرەکییەکانی شیعەوە، بەوپێیەی ئەوان زۆرینەن و لە نیوە زیاتری 329 کورسییەکەی پەرلەمان پێکدەهێنن و ئەم پۆستەشیان کردووە بە شایستەیی سیاسی و مێژویی خۆیان، پاش ئەوەی ئەوانیش دەگەنە ڕێککەوتن پێکهاتەکانی کورد و سوننە بانگهێشت دەکەن بۆ تەواوکردنی پێکهێنانەکە لە ڕێگەی دابەشکردنی پۆستە گرنگەکانی دیکەوە. بەهۆی ئەوەشی ئەمە دوو خولە پەرتەوازەیی و دابەشبوونی سیاسی باڵی بەسەر ماڵی شیعەدا کێشاوە و هێزی نوێ لەناویان سەریهەڵداوە، دروستکردنی کۆدەنگی و بڕیاری کۆکەرەوە لەناو پێکهاتەی زۆرینەی عێراقدا لە هەمووکات ئەستەمتر بووە کە هەر لەم هەڵبژاردنە چوار جەمسەری سیاسی سەرەکییان هەیە.

**کۆکردنەوەی زۆرترین کورسی**

بەگوێرەی ئەو ئاماژانەی تاوەکو ئێستا لەبەردەستدان پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق زۆر خێرا نابێت، لەلایەك لەبەر سیستمی فرەبازنەیی و ئەگەری سەرکەوتنی کاندیدی سەربەخۆ و وردە لیستی براوەی لۆکاڵی لە شارەکانی ناوەڕاست و باشوور، لە لایەکی دیکەوە بەهۆی نزیکی چانس و جەماوەری هەر چوار هێزە سەرەکییەکەی شیعە، کە بەشدارن لە هەڵبژاردن. سەدرییەکان بانگەشەی بەدەستهێنانی 100 کورسی پەرلەمانی داهاتوو دەکەن و بەگەرمی باس لە سەرۆکوەزیرانی سەدری دەکەن، بەڵام پێشبینییەکانی دەوروبەری نیوەی ئەم ژمارە و کەمتریشیان بۆ دادەنێن، لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر بگەنە نزیك لە 100 کورسی وەك خۆیان دەڵێت، هێشتا زۆرینەی ئاسایی لە پەرلەمان (50+1) پێویستی بە 166 کورسی هەیە و هیچ حکومەتێکیش بەو ژمارە شڵۆقە دەستکراوە نابێت و بۆ جێگیربوونی دەوروبەری 200 کورسی پێویستە، ئەمەش هەر لەئێستاوە ئەوە یەکلایی دەکاتەوە کە سیناریۆی هاوپەیمانێتی و دروستکردنی حکومەتی ئیئتیلافی لەنێوان جەمسەرە بەهێزەکانی شیعە و دۆزینەوەی تەواوکەری کورد و سوننە لەهەموو ئەگەرێك ڕێتیچووتر و دەرکەوتووترە.

**چانسی حەشدی شەعبی**

سەرەکیترین ڕکابەری سەدر هاوپەیمانێتی فەتحی حەشدی شەعبییە کە رووکاری سیاسی هێزەکانی حەشدن، بۆ نموونە ئەگەر ئەم بەرە سیاسییە لەگەڵ سەدرییەکان پێکنەیەن، ئەوا ڕەوشەکە دەچێتە بەردەم ئەگەری دروستبوونی "ئۆپۆزسیۆنی چەکدار"، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی مەترسی و دڵەخورتێ لە شەڕی ناوخۆی شیعە یان بەریککەوتنی زبر و هەڕەشە گۆرینەوە لە ڕەوشێکدا کە وڵات خۆی گیرۆدەی قەیرانی ئابووری و تەندروستی و لێکەوتەکانی شەڕی تیرۆر و قەیرانە کەڵەکەبووەکانی مێژووی هاوچەرخی دەوڵەتی عێراقە، لەبەر ئەمەش قورسە هیچ حکومەتێك بەبێ لێکگەیشتنی سەدر و حەشد رووناکی ببینێت.

ڕەنگە فەتح دووەمی هەڵبژاردن بێت، لەکاتێکدا خۆیان دەڵێین یەکەم دەبین، چاوەڕێی کورسی زۆر دەکەن، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەم

بەرەیە ئەوەیە لەسەر پێگەو نفوزی راستەوخۆی ئێران ئەژمارە، سەرۆکوەزیرانی حەشدیش توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپا و چواردەورە عەرەبییەکەی عێراق نییە، لەکاتێکدا پشتیوانی ئەمانە پێویستییەکی زۆری ئێستای وڵاتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی ئابووری و لێکەوتەکانی کۆرۆنا، لەوەش گرنگتر مەترسییەکانی داعش بەتایبەت هێشتا عێراق خاوەنی سیستمی بەرگری ئاسمانی نییە و بەڕووی هەموو مەترسییەکاندا کراوەیە.

**سیناریۆیەکی نا تەقلیدی**

لەدەرەوەی ئەم سیناریۆ باوە تەقلیدییەش کە لەم خولەشدا زاڵە، سیناریۆیەك هەیە کە ژمارەیەك هێزی سەرەکی لە شیعەو سوننە و کورد پێکەوە بەگوێرەی بەرنامەیەکی ڕوون حکومەت پێکبهێنن و خۆپیشاندەرە ناڕازییەکانیش قایل بکەن بەبەشداریکردن کە ئێستا بەشی زۆریان لە دەرەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنن و بایکۆتیان کردووە، بەگوێرەی ئەم سیناریۆ خۆشبینە حکومەتی هاوبەش کار لەسەر سنوردارکردنی دەستیوەردانی دەرەکی و ئێرانی دەکات و شوناسی نیشتمانیانەی عێراق دەگێڕیتەوە و کاری یەکەمی چاکسازی راستەقینە دەبێت، بەڵام لەناو کۆمەڵێك هێزی سیاسیدا کە باڵ و میلیشیای چەکدارییان هەیە ئەگەری دەستبەرداربوونی دەسەڵات زۆر لاوازە و نزیکترین ئەزموون خۆپیشاندانەکانی تشرینی 2019 یە بۆ داواکردنی گۆڕانکاری گەیشتە کوشتنی نزیکەی 600 کەس و برینداركردنی هەزاران کەس و دواتریش کۆرۆنا و پەرتەوازەبوونی ڕێبەرەکانی بەیەکجاری هەڵیپەسارد، هەر لەبەر ئەمەش ئەم سیناریۆ خۆشبینە چانسی بەدیهاتنی نییە.

**کاریگەریی دەرەکی**

سەرباری ئەمانەش پێکهێنانی حکومەتی عێراق بەتەنیا پرۆسەیەکی ناوخۆیی نییە لەناو چوار جەمسەری شیعەی تاڕادەیەك هاوسەنگدا، بەڵگەش بەشی زۆری سیگناڵ لە مانگە دەستکردەکانی تاران و واشنتۆنەوە وەردەگرێت و مەرجەعیەتی نەجەفیش بڕێکی زۆر کاریگەریی لەسەری هەیە، هەر لەم روانگەیەشەوە ئەوە روونە بەتەنیا هێزی ناوخۆیی و ئەنجامی هەڵبژاردن ناتوانن یەکلایی بکەنەوە و سێبەری دەرەوەشی بەسەرەوە دەبێت، لەمەشیاندا رەنگە مستەفا کازمی بڕێکی باش چانسی دووبارە کاندیدکردنەوەی هەبێت بەوپێیەی لەماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا زیرەکانە یاری بەکارتە دەرەکییەکان کردووە و تۆڕێکی بەرفراوان پاڵپشتی و پەیوەندی ئەمەریکی و ئەوروپی و عەرەبی و تەنانەت ئێرانیشی دەستەبەرکردووە، نەك هەر ئەوە بەڵکو بەغدادی کردووە بە وێستگەیەك بۆ بەیەکگەیاندنی دژەکانی ناوچەکە، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا کازمی بەزەقی لەسەر هیچ لایەنێك ئەژمار نییە و لە سەر بنەمای "لا غالب وملا مغلوب" لەنێوان شیعەکان رەنگە براوەکان پەنای بۆببەن و بەتایبەت کە پەیوەندی لەگەڵ سەدردا باشە و کارنامەکەشی تاڕادەیەك هاندەر و جێگە رەزامەندییە بەدیاریکراوییش لە ڕێکخستنی هەڵبژاردنی پێشوەختە و دوورکەوتنەوە لە رکابەریکردن و پەڕاندنەوەی وڵات لە قەیرانی کۆرۆنا و لێکەوتە دارایی و ئابوورییەکانی تاوەکو ئێستا. ئەم سیناریۆی دانانەوەی کازمییش هەروا سانا نییە، بەتایبەت کە سەدر رەنگە چاوی لەسەر ئامۆزاکەی (جەعفەر سەدر) یان چەند کەسێکی رەوتەکە بێت و تێکڕا لەناو شیعەدا تاوەکو ئێستا 7_8 کاندید بەزەقی ناویان دەبرێت سەرباری جیاوازی ئاستی چانسەکانیان، بەگوێرەی ئەزمونی ساڵانی رابردووی پرۆسەی سیاسی عێراقیش دانانەوەی سەرۆکوەزیران لە پۆستەکەی مسۆگەر نییە و هەر لەم 18 ساڵەی دواییدا عەلاوی و جەعفەری و عەبادی و عەبدولمەهدی جاری دیکە دانەنرانەوە لە کاتێکدا ویلایەتی عەلاوی و عەبادی خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ کازمیدا زۆر بووە.